# ئەز کوردستان یەک دەبینم... کنیاز ئیبراهیم



سەد ساڵ لە کۆچی کوردانی باکوور بۆ کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو تێپەڕی. نەتەوەیەک کە وەک ئەرمەنییەکان هەڕەشەی قڕکردنیان لە لایەن عوسمانلییەکانەوە لە سەر بوو. ئەو کوردانە دواتر بە کوردی سۆڤیەت ناوزەد کران و پاش هەڵوەشانەوەی سۆڤیەت کرانە کوردی سۆڤیەتی بەرێ، یاخود کوردی کازاخستان، ئازەربایجان، ئەرمەنستان، گورجستان، تورکمەنستان و ئوزبەکستان. ئێستاش خۆیان بە خۆیان دەڵێن کوردی دیاسپۆرا.

ئەم کوردانە کە زۆربەیان پاش تێکشکانی شۆرشی شێخ سەعید و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتوری عوسمانی و دامەزراندنی حکوومەتی تورکیا چوونە سۆڤیەت، دوو ڕێگایان لە بەر بوو، تووانەوە و کورد مانەوە. حکوومەتەکانی سۆڤیەت پاش مەرگی لەنین و هەڵوەشاندنەوەی کۆماری سوور لە لاچین بە دەستی ستالین و حکوومەتی ئازەربایجان و حزبی کۆمۆنیست، هەمان سیاسەتی تواندنەوە و لەناوبردنیان بەرانبەر بە کورد گرتە پێش، بەڵام ڕێگری سەرەکی لە بەر دەم ئەم سیاسەتە کوردەکان خۆیان بوون.

ئەوان بۆ مانەوەی خۆیان چەند ڕێگایان گرتە بەر، یەکەم یەکگرتن و خۆڕێکخستن، دووهەم خۆبەشداریکردن لە ژیانی ئابووریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، زانستی، فەرهەنگی، هونەریی، سەنعتی، ئیداریی، دەوڵەتی و حزبی هەر کام لەو کۆمارانە. هەرچەند لە ناو کوردانی سۆڤیەت جیاوازی عەشیرەیی، ئایینی، ناوچەیی هەبوو، بەڵام ئەم تێگەیشتنە چەسپابوو کە هەر لایەنێک بە تەنیا لە ناو دەچێ. کوردەکان هەتا لەبەر یەک هەڵوەشانەوەی "یەکیەتی سۆسیالیستی سۆڤیەت" هاووڵاتی پلە چەند بوون و مافی هاووڵاتیان نەبوو، ئیزنی دوورکەوتنەوە لە شوێنی ژیانی خۆیان نەبوو. پێناسەی ئەوان "بیزگراژدان" bezdomnyy بێ وڵات، بێ نیشتمان بوو.

یەکێک لە خاڵە خراپەکان کە داوێنی کوردی لە میانەی شەڕی یەکەمی جیهانی گرتەوە، پشتیوانی کوردی موسڵمان لە ڕاگەیاندنی جیهاد دژی ڕووس و بریتانیا لە لایەن سوڵتانی عوسمانی بوو، کە داڕێژەری سەرەکی ئەم سیاسەتە ئاڵمانی قەیسەری بوو.  هەروەها بەشداری تاقمێک کوردی موسڵمان و ئەندامی "تورکە لاوەکان" و  مووچەخۆری حکوومەت لە ڕاوانانی ئەرمەنی بە پێچەوانەی زۆرینەی کورد کە پارێزەری ئەرمەنییان بوون، خاڵێکی تر بوو کە لە زەینی ئەرمەن و ڕووسدا مابووە و چەشنێک بێ باوەڕی لای ڕووس و حزبی کۆمۆنیست و ئەرمەنی و بەچەشنێکی تر لای ئازەری بەرانبەر بە کورد پێکهێنابوو، کە کارتێکردنی لە سەر ژیانی ئەوان لە سۆڤیەت و دواتر هەبوو.

سەرەڕای هەموو ئەو چەرمەسەریانەی کورد لە سۆڤیەت تووشی بوون، سیاسەتی یەکگرتن و بەشداری لە ژیانی گشتی سەرکەوت و کەسانێکی زۆر بە بوونی پلەی بەرزی زانستی، سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووریی و سەنعەتی و هونەریی، توانیان لە سەردەمی سۆڤیەت و پاشان لە سیاسەت و زانست  دەوری کاریگەر بگێڕن و ببنە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کورد لە کۆمارەکانی سۆڤیەتی بەرێ، یان کوردی دیاسپۆرا.

 ئەوش دەبێ بگوترێ لە پاڵ زانایانی کورد گەلێک زانا و ئاکادمیسێن و ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس و ئەرمەن و ئازەریی و گورجی و کازاخ دەوریان لە پێشبردنی سەرکەوتنی سیاسەتی کوردان هەبوو، هەروەها دەبێ ئاماژە بە دەوری سیاسەتمەداران بە تایبەت لە ئەرمەنستان و کازاخستان لەوانە سەرۆککۆماری کازاخستان نەزەربایڤ بکرێ.  دەبێ لە

دەرفەتێکی تردا باسی ئەم کاروانە بکرێ، بەڵام لێرەدا گەرەکە ناوی یۆرا نەبییۆڤ، نادر نادرۆڤ، کنیاز ئیبراهیم، وەزیر نادر بهێندرێ و لێرە جارێ تەنیا ئاوڕ لە کنیاز ئیبراهیم دەدرێتەوە.

کنیاز ئیبراهیم میرزا کە بە کنیاز ئیبراهیم ناسراوە، لە ڕۆژی یەکی مانگی مای(مانگی گوڵان) ساڵی 1947 لە گوندی "ڕەیحانلو" لە ڕایۆنی زەنگی باسارای ئەرمەنستان هاتۆتە دونیا. بنەماڵەی کنیاز ئیبراهیم خەڵکی سەرحەد لە باکووری کوردستان بوون و سەر بە عەشیرەی جەلالی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لەوێوە بۆ ناوچەی بایزید و دەوەری گۆلی وان لە باکووری کوردستان کۆچیان کردووە و پاش تێکشاکانی شۆڕشی شێخ سەعید کۆچبەری نەخجەوان بوون و ساڵی 1937 بەرەو کازاخستان بە زۆرملی بەڕێ کراون و پاش کۆتایی شەڕی دووهەم، بنەماڵەی کنیاز بەرەو ئەرمەنستان گەڕاونەتەوە.

ساڵی 1963 لە تەمەنی 16 ساڵی پاش کۆتایی پۆلی هەشت لە گەڵ خاڵۆزای خۆی باڵا نادر برای وەزیر نادر کەسی بەناوبانگی کورد، بۆ درێژەدان بە خوێندنی ناوەندیی چۆتە شاری ئێرەوان پێتەختی ئەرمەنستان.

خۆی دەڵێ:" خوشکەزای وەزیر نادر بوون بۆ من شانازی بوو، هەر بۆیە بەردەوام ویستوومە وەک خاڵی خۆم بم."

ساڵی 1970 لە تەمەنی 23 ساڵی خوێندن لە بواری فیلۆلۆگی و ڕۆژهەڵاتناسی لە زانکۆی پێداگۆگی خاچاتۆر ئەبۆڤیان کۆتایی پێدەهێنێت و لە تەمەنی 42 ساڵی لە سەروبەندی هەڵوەشانەوەی سۆڤیەتی پێشوو، بەرگری لە تێزی دوکتوراکەی دەکات و لەو کاتەوە دەبێتە سەرۆکی بەشی زمان و ئەدەبیاتی ئازەری لە زانینگای خاچاتۆر ئەبۆڤیان.

تێزی دوکتورای کنیاز ئیبراهیم لە سەر پێوەندی مێژوویی کورد و ئازاری و تێکەڵی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی ئەو دوو نەتەوە بووە کە نیزامی گەنجەوی وەک میناک دەهێنێتەوە کە لە دایکەوە کورد بووە.

دەستپێکردنی شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان(1988-1994) لە ناوچەی ناگۆرنی قەرەباخ کە شوێنی نیشتەجێبوونی کورد و شوێنی کۆماری سووری کوردستان لە ناوچەی لاچین بوو، خەسارێکی گەورەی لە ژیانی کوردانی ئازەربایجان و بنەماڵەی کنیاز ئیبراهیم پێکهێناوە بەناچار جارێکی تر بەرەو کازاخستان و شاری ئاڵمائاتا کۆچبەر بوون.

پرۆفسۆر دوکتور کنیاز ئیبراهیم میرزایف لە ساڵی 1990 بوو بە سەرۆکی بەشی فیلۆلۆگی ڕۆژهەڵات و سەرۆکی ناوەندی زمانگەلی جیهانی و هەروەها جێگریی سەرۆکی زانستگای نەوتەویی "ئابا"( ئابا یەک لە نووسەرانی بەناوبانگی کازاخ بوو)، هەمان ساڵ بە جێگری سەرۆکی یەکیەتی کوردەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو هەڵبژێردرا.

کنیاز ئیبراهیم سەرۆکی کۆمەڵەی کوردانی کازاخستان" بەربانگ" بوو، هەروەها ساڵی 2002 وەک جێگری سەرۆکی یەکیەتی ناونەتەوەیی کۆمەڵە کوردییەکان و سەرنووسەری گۆڤاری "نۆبەهار" هەڵبژێردرا. کنیاز وەک دوکتوری زانستی فیلۆلۆگی، پرۆفیسۆری ئەندامی ئاکادیمی نەتەوەیی زانستی فێربوونی باڵا، لە ماوەی 21 ساڵی سەدەی بیست ویەک، دەیان خەڵاتی نەتەوەیی و ناونەتەوەیی پێبەخشرا وەک خەڵاتی "حورمەت" حکوومەتی کازاخستان. کنیاز ئیبراهیم زێدەتر لە 600 بابەتی زانستی لە پاش بەجێماوە. 23 کتێبی زانستی هەیە کە بە کۆمەڵێک لە زمان وەرگێردراون.

لە باسی کوردبووندا ئەو دەبێژێ: **" کوردبوون ئەمڕۆ بەهرەیە. لە ناخی ئەو بەهرەیەدا ئیزەدیی، زازا، گۆران، سۆران، بادینی جێدەگرن. گەلۆ تۆ دەتوانی خۆت لەو بەهرەیە جیاکەیەوە؟ نا ناتوانی."**

لە لایەنی سیاسی ئەو دەڵێ" **کورد تەنیا ئەو کاتە ڕزگاری دەبێ کە دەوڵەتی خۆی دامەزرێنێ، وەک ئەرمەنی و ئیسرائیلی."**

لە باسی کوردی دیاسپۆرا، ئەرکی ئەوان بەشداری و تێکەڵی و پشتیوانی کوردستان و دۆزەکەی و کاری دیپلۆماسی دەزانێ. ئەو خۆی بە پیی ئەو باوەڕە نە تەنیا لە بواری زانستی خۆی بەرز کردەوە، بەڵکوو لە بواری سیاسی و دیپلۆماسی وەک جێگری نەزەربایڤ سەرۆک کۆماری کازاخستان بۆ پرسی نەتەوەکان دیارییکرا بوو.

کنیاز لە بواری ئەدەبی کەسێکی بەرچاو بوو. ئەو نوێنەری ڕێکخراوی "پن –ی کورد" لە کازاخستان و ئاسیای ناوەندی و بەرپرسی گشتی گۆڤاری "نۆبەهار" بوو کە لە ئاڵما ئاتا بە دوو زمانی کوردی و ڕووسی دەردەچێ. کنیاز جگە لە زمانی کوردی بە زمانی ڕووسی، ئەرمەنی، ئازەری، کازاخی، تورکی و فارسی قسەی دەکرد.

نادر نادرۆڤ ئاوا باس لە کنیاز ئیبراهیم دەکات:" **مرۆڤێکی وڵاتپارێز، بەناموس، بەخیرەت، نەک بە تەنێ بۆ میللەتی کورد، بۆ حەموو میللەتی کازاخستانێ بوو."**

کنیاز ئیبراهیم کە ساڵی 1972 زەماوندی کردووە، هەتا دوا هەناسە ئەویندار مایەوە. ئەو ئاوا باسی هاوسەر و هاوژینەکەی دەکات:" **40 ساڵە دڵسۆز و حەزکری هەڤ و دووین."**

کنیاز ئیبراهیم لە ڕۆژی 2021/8/8 لە تەمەنی 74 ساڵی لە شاری ئاڵمائاتا کۆچی دوایی کرد و بە ڕێورەسمی دەوڵەتی بەرێ کرا.

دوو مانگ بەر لە ماڵئاوایی سەردانی ئاڵمانی کرد و گەلێک لە کوردان و دامودەزگای کوردیی بەسەر کردووە. کنیاز بەردەوام لە هەر شوێن ئەم وتەی خۆی دووبارە کردۆتەوە. **" ئەز کوردستان یەک دەبینم!"** سەرەڕای ئەوە کنیاز ئیبراهیم چاو لە کێشەی کورد واتە پرۆسەی ئاسیمیلاسیۆن لە ناو کوردی دیاسپۆرا نانوقێنێ و بۆ زاڵبوون بە سەر ئەو کێشەیەدا، فێربوونی زمانی کوردی و پشتگیریی لە فەرهەنگ و مێژووی کورد بە پێویست دەزانێ و یەکگرتن و یەکگرتوویی کورد بە نیازی سەرەکی دەزانێ.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان

فیلم و ویدئۆ لە سەر ژیان و بەرهەمەکانی کنیاز ئیبراهیم

Wext Çawa Derbas Bû Kinyazê ÎBRAHÎM 19 02 2020
https://youtu.be/cJUdXy4feY4

Prof. Dr. Kinyaz Îbrahîm Mîrzoyev
https://youtu.be/aMFATP8PNF8

Programa taybet li ser koçkirina prof. Dr. Kinyaz Îbrahîm Mîrzoyev 15.08.2021
https://youtu.be/GgHK8Yf2bLI

Kinyaz Îbrahîm Mîrzoyev (Album)
https://youtu.be/oKGFr6FhZA0

BERNAMEYA TAYBET Bîranîna Prof Dr Knyazê Îbrahîm Mîrzoyev
https://youtu.be/e0XaYhQnMzc
Documentary | Kinyazê Îbrahîm | کنیاز ئیبراهیم
https://youtu.be/9yt9bIoeAnw